سەرۆکی حکیم پێشوازی لە دکتۆر بەرهەم ساڵح دەکات و پێشهاتە سیاسییەکانی لێگۆڕ تاوتوێ دەکات



بڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری پێشوو کەوت و لەم دیدارە بیروڕا سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێکرا، هەروەها هەردوو لا ستایشی ئەو هەوڵانەیان کرد کە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو سەقامگیرییەی ئێستا هەیە بەدی بێت لەووکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەوە، هەروەها داوای کرد کە ئەو هەکارانە زیاتر پاپشت بکرێن کە بوونەتە هۆی سەقامگیری و کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەوە ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی.

سەبارەت بە دۆسیێ پەیوەندی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دەستوور پێیەوە بکرێت بە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و هەروەها ستایشی ئەو لێکۆڵینەوانەی کرد کە بوو هەکاری ئەوەی بۆیاری خشتەی بودجە بدرێت و قەیرانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش چارەسەر بکات.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی کرانەوەی عێراق بەووی وڵاتانی عەرەبی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ، گوتیشی ئەو ئەزموونە سەلماندی کە ناوچەکە پێویستی بە سەقامگیری عێراق هەیە وەک پێشینەیەک بۆ سەقامگیرییەکەی و داواشی کرد ئەو گفتوگۆیە بەردەوام بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بۆ ئەوەی وڵاتان بتوانن چێژ لە خێرات و سامانەکانیان ببینن.